کرەملین: پوتن بەیاری داوە بە ئاگربەست و ڕاگرتنی شەڕکان بە ماوەی دو ڕۆژ لەگەڵ ئۆکرانیا

کۆشکی سەرۆکایەتی ڕوسیا (کرەملین) ڕایگەیاند، ڤلادیمێر پوتنی سەرۆکی ئەو وڵاتە، بەیاری داوە بە ئاگربەست و ڕاگرتنی شەڕکان بە ماوەی دو ڕۆژ لەگەڵ ئۆکرانیا و ئاگربەستەکە لە کاتژمێری 6:00ـی ئێوارەی ئەمڕۆوە دەستپێدەکات و هیواداریش ئۆکرانیا پابەندبێت پێیەوە.

کۆشکی سەرۆکایەتی ڕوسیا لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، پوتن لە کەبونەوەی لەگەڵ ڤالەری جیراسیمۆڤ، سەرۆکی ئەرکانی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ڕوسیا ڕایگەیاندوە کە بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی مرۆیی، لایەنی ڕوسی ئەمڕۆ ئاگربەست ڕادەگەیەنێت.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لە کاتژمێر 6:00ـی ئێوارەی ئەمڕۆوە تا ڕۆژی تا دوشەممە، ئاگربەستەکە بەردەوام دەبێت ئەوەش بە بۆنەی جەژنی قیامەی-ی مەسیحیەکانەوە. هەروەها سەرۆکی ڕوسیا فەرمانی داوە هەمو ئەپەراسیۆنە سەربازییەکان لەو ماوەیدا ڕابگیرێن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، ڕوسیا وا گریمانە دەکات کە لایەنی ئۆکراینییش پابەندبێت پێیەوە و شەڕکانی ڕابگرێت و جەختیشی لەوەش کردەوە کە "دەبێت هێزە چەکدارەکانی ڕوسیا ئامادەبن بە بەرپەرچدانەوەی پێشێلکاری و ئیستفزاز ئەگەری لەلایەنی بەرامبەر کردیان".

ئەوەشی خستەو، □□□وی ئاگربەستەکە، ئامادەیی و توانای ژەمی کیڤ نیشان دەدات بە چارەسەری ئاشتیانەی ئەو پرسە.